# ئاشی بەتاڵی کەرکووک

Hakeem Kakaways

من پێم وانەبوو پارتی لە هەڵبژاردنەکەی ئەمساڵدا، لە ٢٠ کورسی پتر بێنێ. پێم وانەبوو یەکێتی ١٦ کورسی بێنێ. وام دانابوو گۆران، لەبەر ئەوەی لایەنێکی بەرهەڵستکاری کاریگەرە، بە تەنها پتر لە ٤٠ کورسی بە دەست بێنێ. ئەوجا خوێنەری هێژا ناهەقی نییە پێم بڵێ: تەڕ مەزەندەکەت ڕاست دەرنەچوو!ڕەنگە حیسابی من بۆ دەنگهێنان و کورسیهێنان جیاواز بێ. من حیسابێکم دەکرد و ئەو خەڵکەی دەنگیان دەدا و تەنانەت زۆر لەوانەی کەوتوونەتە قورگی (١٤٠)ەوە و مافی دەنگدانیشیان نەبوو، حیسابێکی تریان دەکرد. ئاخر گاڵتە نییە دوو حیزب ببنە هۆکاری لە دەستدانی نێزیکەی نیوەی باشووری کوردستان و ئێستاش ئەوەندە دەنگ بێنن کە بتوانن حکوومەت پێک بهێنن! گاڵتە نییە خەڵکانێکی نەتەوەیی، کە کێشەی یەکەمیان ئەو ناوچە دۆڕاوانەیە، لە ناو نەتەوەیەکی هەمیشە دۆڕاودا، هەمیشە یەک مەنجەڵ یاپراغ بەشیان بکات! دەبێ نهێنییەک لەوەدا بێ کوردی نەتەوەیی لە وڵاتی خۆیدا و لە ناو میللەتی خۆیدا غەریب بێ و عارەبی تەعریب خاوەنماڵ بێ!

من بۆیە پێم وا نەبوو پارتی و یەکێتی ئەوەندە دەنگ بێنن حکوومەتێکی پێ دامەزرێنن، هەندێ وردە حیسابم هەبوو و ئاگام لەوە نەمابوو ئەم میللەتەی ئێمە بیری لێ ناکاتەوە. ئاخر میللەت نییە بیر لە شتی وا نەکاتەوە:

یەکەم. حیزبێک یا حکوومەتێکی کوردی کار بۆ ئەوە بکا عیراقی داگیرکەر لە ژێر باری بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچێ، هی ئەوەیە چەند دەنگ بێنێ؟ ئەگەر نازانن بەندی حەوتەم چییە، با بیزانن کە کردنەوەی دەستی دەوڵەتی عیراقە بۆ کڕینی چەکی قورس لە کاتێکدا هێشتا زۆر کێشەی چارەنووسساز لە نێوان کوردستان و بەغدادا، بە بێ چارەسەر ماون.

دووەم. ئەو دوو حیزبە، واتە پارتی و یەکێتی، ئەو عیراقە ڕووخاوەیان بە دەستی خۆیان دروست کردەوە کە ببوو بە تەوقی غەزەب و لە ملی کورد ئاڵابوو و کەرکووکی ئازادکراویان بە دەستی خۆیان تەعریب کردەوە و ئەو سوپایەیان دروست کردەوە کە ژانی ئەنفالی کورد کوشتی.ئەرێ ئەو دوو حیزبە هی ئەوەن کورد دەنگیان بداتێ؟

سێیەم. کەرکووک عارەبی تێدا نەما، بەڵام ئەو دوو حیزبە لە ململانێی یەکتردا عارەبیان بە پێناسەی زەرد و سەوزەوە گێڕایەوە کەرکووک، ئەوجا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ قەرەبوویان کردنەوە تا کەرکووک چۆڵ بکەن بەڵام بە جۆرێ پشتیان گرتن، ئەوەی یەک خانووی هەبوو بیکا بە دوو. ئەرێ ئەو دوو حیزبە هی ئەوەن بیست کورسیی پەرلەمان بە دەست بێنن؟

چوارەم. من حیسابی گەندەڵی و دزی و دروستکردنی مۆڵی بەرپرسان و بزربوونی سەدان ملیۆن دۆلار و سەپاندنی کوڕی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس بە سەر پەرلەماندا ناکەم، چونکە هەموو ئەوانە یەک بست خاکی کەرکووک ناهێنن، بەڵام حیساب بۆ خوێنی ئەو هەموو کوردە دەکەم کە لە ١٩٧٥ بە دواوە کرانە قوربانی کەرکووک و ئەو دوو حیزبەش کەرکووکیان کرد بە قوربانی دوو قسەی قۆڕی ناو ماددەی ١٤٠ کە لە بنەڕەتدا دانران بوو بە عارەبایەتی کەرکووک.حیزبی وا هی ئەوەیە بیست کورسی پەرلەمانی بەر بکەوێ؟!

پێنجەم. دەسەڵاتی کوردی بە بەغدای گوت: فیرقەی ١٢ مەهێنە کەرکووک و هێنای. گوتیان پرۆسەی دیجلە لە کەرکووک نزیک مەخەرەوە و کردی بە کەرکووکدا. گوتی عارەب مەهێننە کەرکووک و عارەب بە لێشاو دێن. دەسەڵاتی کوردیش لە سێکانیان و گورگەچاڵەوە بە دوربین تەماشای کەرکووک دەکەن. ئەمانە هی ئەوەن بیست کورسی پەرلەمان بە دەست بهێنن؟!

شەشەم. منداڵی بەرپرسان لە خوێندنگەی تایبەت و بە زمانی بێگانە دەخوێنن و منداڵی دەنگدەرانیش بە کتێبی هەڵە و بەرنامەی خوێندنی هەڵە و کوردیی هەڵەوە زستان بە هەڵلەرزین و هاوین بە عارەقەڕشتن بەڕێ دەکەن، ساڵ لە دوای ساڵیش جیاوازی خەڵک و ئەوان زیاتر دەبێ و دەنگدەرانیش ئەوە باش دەزانن. ئەرێ ئەو حیزبانە هی ئەوەن ٢٠ کورسی پەرلەمانیان بەر بکەوێ؟!

حەوتەم. ئەو تەعریبەی ئێستا بە بەر چاوی ئەو حیزبانە و بە ڕەزامەندی ئەوان دەکرێ، قەت لە سەردەمی بەعسدا نەکراوە و هەرگیز جەلەولا ئەوەندە بێ کورد نەبوو و سەرانی کوردیش قڕوقەپیان لێ کردووە و هەر باسیشی ناکەن. ئەرێ ئەوانە سەرکردەی میللەتێکی زندوو بان، چەند دەنگیان دەهێنا؟

لە کۆتاییدا دەڵێم:مەزەندەی من هەڵە نەبووە بەڵکە دەنگدەران هەڵەیان کردووە و ئاگایان لە خۆیان نییە چی دەکەن! من کە جەلەولا دەبینم کوردی تێدا نەماوە و کەرکووک دەبینم هەمیشە خەڵتانی خوێنە و ئەو بەرپرسانە، تەنانەت سەرخۆشیش لە خەڵکی کەرکووک ناکەن، دەڵێم: مەحاڵە کورد دەنگیان پێ بدا. کە دەنگیان پێ دەدەن، هەڵە لە شوێنێکی ترە و مەزەندەی من هەڵە نییە.

هیچ میللەتێکی ئەم جیهانە ئەوەندە کوێر نییە! هیچ میللەتێکی ئەم جیهانە وەکو کورد دژی بەرژەوەندی و چارەنووسی خۆی کاری نەکردووە. هیوادارم ئێستا بە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە بۆمان ساغ بووبێتەوە کە نەبوونی دەوڵەتی کوردی نە پیلانی ئیستیعمارە و نە سیقەر و لۆزان و ئیسلام و جوو و سایکس بیکۆ خەتاباران، چونکە ئەوەتا ئێمە بە ڕۆژی ڕووناک و بە بێ ئەوەی کەس تەوژمی خستبێتە سەرمان، خۆمان ئەو لایەنەمان دەوێ کە بووە هۆی تەعریبکردنەوەی کەرکووک و کوردی لە جەلەولا نەهێشت و تەنانەت لە پشت خەتی(٣٦)یشەوە، دەستی بە چاندنی عارەب کردووە تا لە ڕۆژی خۆیدا پشتمان لێ بگرن!

ناهەقمە مەزەندەی وام بووبێ؟! کێ باوەڕ دەکا میللەتێک دەنگ بەو بابەتە حیزبە بدات؟! ئێمە میللەتێکین، لە بری ئەوەی زیوان لە گەنم بژار بکەین، گەنم لە زیوان بژار دەکەین! نازانم کامە زانای یۆنانی کۆن گوتوویەتی: کۆیلە، ئەگەر ئازادیی بە سەردا ببارێ، چەتر هەڵدەدا...ئێمەی کوردیش ئازادیمان بە سەردا باری و بە بێ چەتر هڵناکەین!
پێم وایە دەستمان لە بنی هەمبانەوە دەرچووە و ئەمڕۆ سبەی ئیمزای دەستبەردان لە کەرکووک دەکەوێتە سەر کاغەز و ئاشی کەرکووک بەتاڵ دەبێ، بەڵام کەرکووکییەکان دەستبەرداری شەڕی خۆیان نابن و دەبن بە جانەوەری سەیروسەمەرە: یەکێ خوێنی سەوزە و یەکێ خوێنی زەردە...ئەمڕۆ سبەی جانەوەرێکی تریش پەیدا دەبێ و دوای هەموو تەقینەوەیەک دەقیژێنێ: من خوێنم خمە!
ئەوانەی ئەمڕۆ بە بێ کەرکووک خۆیان بە براوە دەزانن و کورسی زۆری پەرلەمانیان بەر کەوتووە، بۆیە خۆیان بە براوە دەزانن تەنها دەرپێکانیان بۆ ماوەتەوە و بە بۆنەی مانەوەی دەرپێکانیانەوە پیرۆزباییەکی گەرمیان لێ دەکەم!
دەی سا ئێمەی کەرکووکیش لە سای سەری سەرکردە براوەکاندا، کوڕاوکوڕمان ئاشی بەتاڵی کەرکووکمان عافێت بێ، وەک بابەلباب عافێتمان بوو!
29-9-2013